# ڕاگەیاندنی کۆتاییهاتنی پلینۆمی 19ی
# کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق

لە ڕۆژەکانی 31ی کانونی دووەمو 1-2 ی شوبات کۆمیتەی ناوەندی بە ئامادەبونی زۆربەی ئەندامانیو بەهاوبەشی کادرانی ڕێکخراوە سەرەکیەکانی حزب: کۆمیتەی رابەری ڕێکخراوی کوردستان، کۆمیتەی دەرەوە، کۆمیتەی بەغداو هەروەها نوێنەری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران-حیکمەتیست، پلینۆمی نوزدەهەمی خۆی بەست، لەکاتیکدا کە هاورییانی کۆمیتەی بەسرە بەهۆی بارودۆخی ئەمنیەوە نەیانتوانی ئامادەبن.

کۆبونەوەکە بە سرودی ئەنتەرناسیونالو دەقیقەیەك وەستان بۆ گیان بەختکردوانی ریگای ئازادیو سۆسیالیزم دەستپیێکرد. دوای ئەوە لیژنەی سەرۆکایەتی کۆبونەوەکە هەلبژیردراو پاشان ئاییننامەی پێشنیارکراو بۆ کۆبونەوەکە خوێندرایەوەو بە کۆی دەنگەکان بڕیاری لەسەر درا. دواتر دەستوری کۆبونەوەکە، بڕیاری لە سەردرا.

دەستوری کۆبونەوەکان بە ڕاپۆرتی مەکتەبی سیاسی دەستپیکرد کە لەلایەن سەرۆکی مەکتەبی سیاسیەوە پێشکەشکرا، پاشان بەرپرسی ریکخراوە سەرەکیەکانی حزب و مەیدانە جیاوازەکان ڕاپۆرتەکەیان دەولەمەندتر کردو ئەو لایەنانەیان پڕ کردەوە کە لە ڕاپۆرتی مەکتەبی سیاسیدا نەهاتبوو. دوای ئەوە ڕەحمان حسینزادە باسی "حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقو چۆنیەتی دابینکردنی رابەری کۆمەلایەتی" پێشکەشکرد. لەم باسەدا جەختکرایە سەر کۆسپی سەرەکی حزب، کە ئەویش دابینکردنی رابەرایەتییەکی کۆمەلایەتییە کە توانای رابەریکردنی کۆمەلو چینی کریکاری هەبێتو بتوانیت حزب وەك هێزیکی کۆمەلایەتیو بەتواناو کاریگەر رابەری بکات. لەم باسەدا جەختکرایەوە سەر رۆلی کۆنگرەی ئازادی عیراق و پیویستی پیکهینانی حزبیکی بەتوانا. باسی سەرەکی لەم نێوەدا، پیویست بوونی رابەرییەکی یەکدەست بوو، کە لەهەولی گەیشتنە بە دەسەلاتی سیاسیو رابەریکردنی کۆمەل لەپیناو گەیشتن بە ئامانجەکانی حزب لە ئازادیو یەکسانی.

ریبوار ئەحمە باسیکی پێشکەشکرد سەبارەت بە بریارنامەی "سەبارەت بە هەلومەرجی سیاسی لە عێراق"دا. لەم باسەدا جەختیکردە سەر ئالوگۆرە کۆمەلایەتیو سیاسیە نوێیەکان کە دوای فەشەلی ئیستراتیژی ئەمەریکاو بەتایبەت دوای ڕاپۆرتی بیکەر- هاملتون هاتونە پێش. وەك ئەنجامگیری لەم باسە ئاماژەی کرد بە دوو تەوەرەی سەرەکی، کە بریتی بوون لە بەهیزکردنی حزب و تەبدیل کردنی بەحزبیکی سیاسی ریشەدار و دەخالەتگەر لە تەواوی مەیدانە کۆمەلایەتیەکانو دەرکەوتنی وەك هێزیکی مارکسستی بەتوانا. هەروەها رۆلی کۆنگرەی ئازادی عیراق لەپیناو هینانە مەیدانی جەماوەرو دەخالەت پیدانیان لە کێبەرکێی سیاسیو جێبەجێکردنی ئامانجەکانی کۆنگرە، کە کۆدەبێتەوە لە کردنە دەرەوەی هیزی

داگیرکەرو دابینکردنی ئەمنیەت بۆ دانیشتوان و ریشەکێشکردنی تیرۆرو تیرۆریزم و وەستانەوە بەرانبەر بە شەری تائیفی ئیستا. پاشان دەرگای گفتوگۆ لەسەر ئەم باسە کرایەوەو ژمارەیەك لەهاورییان لەمبارەوە چەند ئالوگۆرێکیان لە بریارنامەکەدا پێشکەش کرد، پاشان بە زۆربەی دەنگەکان چوارچیوەو ناوەرۆکی سیاسی بریارنامەکە قبولکرا.
موئەیەد ئەحمەد باسێکی سەبارەت بەبڕیارنامەی "حزب و کۆنگرەی ئازدای عێراق و پەیوەندی نیوانیان" پێشکەشکرد. بەشێوەیەکی چروپر ئەم باسە گفتوگۆی لەسەرکرا لەلایەن هاورێیانی بەشداربووەوە و پاشان موئەیەد ئەحمەد، وەلامی پرسیارو تێبینیەکانی هاورییانی دایەوە کەلەم بارەوە پێشکەشکران.
دواتر بریارنامەی "سەبارەت بەهەلومەرجی سیاسی کوردستان و بریارنامەی پێویستی فەوری پێکهێنانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان" گفتوگۆیان لەسەرکراو لەمبارەوە کۆبونەوەکە پێشنیاری سپاردنی بریارنامەی "سەبارەت بە هەلومەرجی سیاسی کوردستان"ی بە مەکتەبی سیاسی پەسەند کرد، بەهۆی کەمی کات و پێدانی فرسەتێکی زیاتر بۆ بریاری "پێویستی فەوری پیکهینانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان". ریبوار ئەحمەد باسێکی سەبارەت بە بریارنامەی "پێویستی پێکهێنانی فەوری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان" پێشکەشکرد. لەم باسەدا جەختکرایە سەر پێویستی پیکهێنانی حزب لەکوردستان، بۆ وەلام دانەوە بە کێشە کۆمەلایەتی و چینایەتیەکانی کوردستان. ئاماژە بەوەکرا کە جیاوازیەکی فراوان لە نیوان کۆمەلی کوردستان و باقی شوێنەکانی دیکەی عێراقدا لە ئارادایە، بەتایبەت دوای روخانی نیزامی بەعس گەلیك ئالوگۆری قولی سیاسی و کۆمەلایەتی رویانداوە. جەختیکردە سەر ئەوەی کە کوردستان لەسالی 1991وە ناوچەیەکی جیایەو پیویستە لەسەر ئیمە کە حزبیك پیك بهێنین وەلام بداتەوە بە کێشە کۆمەلایەتی و سیاسییە چارەنوسسازەکانی کۆمەل لەکوردستاندا لەرێگای رابەریکردنی چینی کریکار بەرەو گرتنەدەستی دەسەلاتی سیاسی. پاشان گفتوگۆ لەمبارەوە دەستپێکردو هاورییان لە باسەکانیاندا جەختیان کردە سەر پێویستی پیکهینانی حزب لەکوردستان و هەندی تیبینی لەمبارەوە خرایە روو.. کۆبونەوەکە جەختیکردە سەر پیکهێنانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان و مەکتەبی سیاسی ڕاسپارد کە بەدوای ئەم کارەدا بچێت.
هەروەها کۆبونەوەکە چەندین بڕیاری تەشکیلاتی و سیاسیدا کە پێشکەش بە کۆبونەوەکە کرابون. بەهۆی کەمی کاتەوە بریارنامەی "حزب و یەکیتی شوراو سەندیکا کریکارییەکان لە عیراق"ی سپارد بە مەکتەبی سیاسی.
دوایین برگەی کۆبونەوەکە هەلبژاردنی سکرتیرو ئەندامانی مەکتەب سیاسی بوو. ریبوار ئەحمەد بە کۆی دەنگەکان هەلبژێردرا بە سکرتیری کۆمیتەی ناوەندی. پاشان هەلبژاردنی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی دەستپیکرد. کە لەپێشەوە کۆبونەوەکە بریاری دا کە ژمارەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی 24 ئەندام بێت و ئەم هاورییانە وەك ئەندامانی مەکتەب سیاسی هەلبژیردران "محمد عەزیز، ئازاد ئەحمەد، یەنار

محمد، هەلالە رافع، نادیە محمود، قاسم هادی، سەعید ئەحمەد، دەشتی جەمال، موئەیەد ئەحمەد، رەعد سەلیم، فەلاح علوان، رحمان حسین زادە، عبداللە محمود، ئاسۆ کەمال، باسل مەهدی، رەمەزان صابر، سامی حسن، فارس محمود، شەمال عەلی، خەسرەو سایە، سەمیر عادل، ئەمجەد غەفور، زمناکۆ عەزیز، سامان کەریم". لەکۆتاییدا، کۆبونەوەکە سوپاس و تەقدیری خۆی ئاراستەی لیژنەی ئەمنی و بەریوەبردنی کۆبونەوەکەو ئەو هاورییانەی کە هاوبەشیان کردوە لەگەڵ لیژنەکەدا، کرد. پاشان لیژنەی سەرۆکایەتی کۆبونەوەکە کۆتایی هاتنی کۆبونەوەکەی راگەیاند. پاشان مەکتەبی سیاسی یەکەمین کۆبونەوەی خۆی بەست بۆ هەلبژاردنی سەرۆکی مەکتەبی سیاسی و ئەندامانی دەستەی کارگیر. سامان کەریم بە زۆربەی زۆری دەنگەکان وەك سەرۆکی مەکتەبی سیاسی هەڵبژیردرا. پاشان هاورییان "سامی حسن، زمناکۆ عەزیز، یەنار محمد، موئەیەد ئەحمەد، رەمەزان صابر، سەمیر عادل، قاسم هادی، ئازاد ئەحمەد، شەمال عەلی، باسل مەهدی" وەك ئەندامانی دەستەی کارگیری مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردران.

2007/2/3